


# دەستکاریکردنی چارەنووسە نووسراوەکان

## ئەگەر توانیت داهاتوو ببینیت، ئەوا ئەتوانیت بشیگۆڕیت

ناوی فیلم:
NEXT
نواندنی:
NICOLAS CAGE
JULIANNE MOORE
JESSICA BIEL
دەرهێنانی:
LEE TAMAHORI

خوێندنەوەی ئاڤێستا

ئەگەر مرۆڤ بیزانیایە لە داهاتوو دا چی ڕوودەدات، چۆن هەڵس و کەوتی دەکرد؟ زانین و پەی پێبردنی ڕووداوەکانی ئایندە وا لە مرۆڤ دەکەن جوڵەو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانی ئاسایی نەبێت و هەردەم وەك مرۆڤێکی ڕاڕاو و نائارام دەربکەوێت و لە خەمگینیەکی هەمیشەیی دابێت. بیرکردنەوە لەجۆرە حاڵەتێکی وەها مرۆڤ هەمیشە حەزی کردووە بزانێت چی ڕوودەدات لەژیانی خۆی و کەسانی دیکەدا. بەڵام ئەم فیلمە دەیسەلمێنێ کە ئەم خەونە خۆشبەختی بۆ ئینسان ناهێنێ. بەڵکو کێشەو نەهامەتییەکانی زۆرتر دەکەن. فیلمی (NEXT) چیرۆکی پیاوێکە کە ئەزانێ لەداهاتوو دا چی ڕوو ئەدات. لە ڕاستیدا بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ هەوڵی داوە شتە مەحاڵ و ئەستەمەکان ئەزموون بکات. بیرکردنەوە لە فرین، جیابوونەوەی ڕۆح لەلاشە، هەموو ئەمانە مرۆڤ هەوڵی داوە دەستی پێیان بگات و نهێنیەکانی کەشف بکات، بەڵام بینینی داهاتوو، جیاوازییەکی لەگەڵ هەموو شتە مەحاڵەکانی تردا هەیە. هیچ کەس نییە لە سەر ئەم ئەستێرەیە حەز بە بینینی داهاتوو نەکات. من ئەگەر بزانم لە خوێندندا سەرکەوتوو نابم هەر لە سەرەتاوە ناخوێنم، ئەگەر بزانم لەو شەقامە بپەڕمەوە و ئۆتۆمبێل لێم ئەدات و ئەمرم، ناپەڕمەوە. زانینی چارەنووسی عەشقێکی ناکام لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا وام لێئەکا هەر لەسەرەتاوە نەچمە ناو پەیوەندیەکی ئەوهاوە. ئەم فیلمەش بە تەکنیکێکی ئاڵۆز کە ئەستەمە بەیەکجار بینین تێی بگەین، هەوڵی داوە دەروونی مرۆڤێك بخوێنێتەوە کە داهاتوو ئەبینێت و توانای بینینی ئایندەی هەیە. لەگەڵ بەردەوامی تێکەڵ بوون لەتەك ئامێرە دیجیتاڵیەکان و چەکی ئەتۆم. (نیکۆلاس کەیج)کە توانای ئەم کارەی هەیەو کە هەندێك جار تەواو لەو توانایەی خۆی وەڕز و بێتاقەتە. ئاخر بینینی ئایندە و پێشهاتەکان وات لێئەکات وەك مرۆڤێکی ئاسایی ڕەفتار نەکەیت. هەر ئەمەشە وا لە پاڵەوانی فیلمەکە ئەکات چەندین کێشەو گرفتی بۆ دروست ببێ. بێگومان زیاد لە هەر کەسێك پۆلیس و دەزگا جاسوسیەکان پێویستیان بەو جۆرە کەسانە بێت بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران و پێش گرتن لە تاوانکاریەکان. کێشەی سەرەکی فیلمەکە ئەوەیە کە نیکۆلاس ئامادە نییە هاوکاری پۆلیس بکات و دەیەوێ وەك کەسێکی ئاسایی بژی، بەڵام بەڕاستی ژیان بۆ جۆرە کەسێکی ئەوها ئاساییە؟ بۆنموونە، بەیانیەك لە کافتریایەك دانیشتووە و خەریکی نانی بەیانیە..کچێکی جوانیش دێتە ژوورەوە و چاوەڕوانی دڵدارەکەیەتی..دواتر کوڕەکەش دێت. ئەو پیاوەی کە توانای بینینی داهاتووی هەیە، بەیەکەم بینین دەزانێ ئەم کچە هاوڕێی هەموو تەمەنیەتی! لێرەدا سیناریۆکە لەو پەری ئاڵۆزیدایە، نیکۆلاس بەخەیاڵ (کەبینەریش دەبێتە تەماشاکەری خەیاڵی پاڵەوان). چەند جارێك یەکتر ناسینەکە تاقی دەکاتەوە چۆن بتوانێ خۆی بە کچەکە بناسێنێ بەبێ لەدەست دانی. دواجار ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێ کە بەلێدانی خۆی و بەدەست هێنانی کچەکە و ڕۆیشتنە دەرەوەی کوڕەکە کۆتایی دێت، کە باشترین ڕێگایە. ئیدی کچەکە دەناسێ و تاکۆتایی فیلمەکە بەیەکەوەن. ئەمە هەمووی توانای بینینی ڕووداوەکانی(دواتر)ە کە وا ئەکا هەموو شتەکان ڕێك و پێك بەڕێوەبچێ.

بینەر لە بینینی ئەم فیلمە هەناسەی سوار ئەبێ کەچۆن ئەو هەموو ڕووداوە لە کاتژمێر و نیوێکدا جێگای بۆتەوە.




سـەرەرای بەردەوامی جووڵەی خێرای پۆلیس بۆ دەســتگیرکردنی نیکۆلاس، کە ریتمێکــی خێرای بە فیلمەکە بەخشــیووە. بینەر لەم فیلمــەدا زۆرترین دیمەن ئەبینێ، واتە لەو فیلمانە نییە کە شوێنێکی دیاری کراو هەڵدەبژێرن و کاری تێدا دەکەن. بەپێچەوانەوە ئەم فیلمە بەردەوام لەجووڵەدایەو ژیانکردنە بەرێوە.

پۆلیس لەو شــارەدا هەســت ئەکا تەقینەوەیەکــی گــەورە بەرێوەیە و ژیانی خەڵکێکی زۆر لە مەترسیدایە، کە ڕەنگە شارێك وێران بکات کە (لۆس ئەنجلس)ە. ئەوان بۆخۆیان ئەزانن شــتێکی لەو جۆرە هەیە، بــەڵام بە دیاری کراوی نازانن لــە کوێدایە و بکەرەکانی کێن و لەکوێ دەژین. بۆیە لێرەدا ناحاڵی بوونێك هەیە لەنێوان پۆلیس و نیکۆلاســدا، دەســەڵات هەمیشــە یەك زمــان ئەزانێ ئەویش توندوتیژییە. دەربرینی سۆزیشی هەر بە ملکەچکردنی بەرامبەر دەشــکێتەوە. ئەم فیلمە لــە هەوڵدانێکــی بەردەوامدایە بۆ خوێندنەوەی دەروونی کەسێك کە توانای بینینــی داهاتــووی هەیــە. لەپاڵ کێشــە کۆمەڵایەتیــی و کەســییەکانی تردا کە وا لەمرۆڤ ئەکەن ئەو شتانە قبوڵ نەکات کە لەدەرەوەرا بەسەریدا ئەسەپێنرێ.

لەراســتیدا مرۆڤێکــی لــەو شــێوەیە هەرگیز خۆشبەخت نابێ. ئەمە یاسایەکی سروشتیە کە نابێ دەستکاری بکرێ، دەست وەردان لــە چارەنووســە نووســراوەکان مــرۆڤ بــەرەو هەڵدێــری قــوڵ و گەورە دەبــەن. هەڵبەتە ئەمە لــەدەرەوەی رووە ئاینەکەیــەوە. ژیــان هەر ئــەو چرکەیە ئەزمــوون ئەکرێ کە تێیدایــن، هەر ئەو لەحزەیە دروســت ئەبــێ، وەك ئەوەی بە رێگایەکدا برۆین بەهــەوادا.. لەگەڵ هەر هەنگــاو نانێکــدا رێگاکە لەژێــر پێماندا دروســت ئەبــێ و ناهێڵــێ بکەویــن. ئەم چرکانــە فیلمێکــی (ئەنجلینا جولی)م بیر دێنێتەوە، کــە غەیب زانێکی شــێت پێی رادەگەیەنــێ کە کۆتایی هەفتــە دەمرێ. چــۆن دەکەوێتە خــۆش و گاڵتە و کەیف و بــەزم. بەجۆرێــك کە ئــەم هەفتەیەی پێش مردنی لەتــەوای تەمەنی جیاوازە و بەشێوەیەك دەژی کە لەوەو پێش هەرگیز لــەو پێش وا نەژیاوە. پریەتی لە رووداوی ســەیر، بێگو مان لێرەدا بینــەر زۆرترین قازانج دەکات.

ئەم فیلمە لە پاڵ ئاڵۆزی ســیناریۆکە و گرتە خێراکانی فیلمێکی ســەرنج راکێشە. کە مەحاڵە و دەبێ زیاد لە جارێك ســەیر بکرێــت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشــدا خاڵی نییە لە چێژ و رووداوی سەیر و چاوەروان نەکــراو. هەروەها یەکێکە لــەو فیلمانەی کــە هێزێکی زۆر لــە چرکەکانی کۆتاییدا کۆبۆتــەوە. لەکۆتایــی ئەم فیلمــە بینەر زاری دادەپچرێ و سەرسام دەبێ، کە چۆن تــەواوی فیلمەکــە تەنهــا خەیاڵێك بووە لەســەری نیکۆلاســدا لەبەیانیەکی زوودا کە لەســەر چرپاکەی لەپــاڵ (داهاتوو)ی خۆیدا راکشاوە، ئاخۆ لەگەڵ پۆلیسدا رێك بکەوێت بۆ دۆزینەوەی شوێنی نەوەویەکە یان نا، هەر بۆیەشە دەبێ دووبارە تەماشای تەواوی فیلمەکە بکەینەوە.